# بەش : زمانی کوردی

# کۆلێژ : پەروەردەی بنەڕەتی

# زانکۆ : سەلاحەددین / هەولێر

# بابەت : ڕێبازە ئەدەبییەکان

# پەرتووکی کۆرس : کۆرسی دووەم : قۆناغی دووەم

# ناوی مامۆستا : پ . ی . د . بەکر شاکر عەبدوڵلا

# ساڵی خوێندن : ٢٠٢١- ٢٠٢٢

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | ڕێبازە ئەدەبییەکان |
| 2. ناوی مامۆستای بەرپرس | پ. ی. د . بەکر شاکر عەبدوڵڵا کاروانی |
| 3. بەش/ کۆلێژ | زمانی کوردی : کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: Bakir.abdwllah @Gmail.com<br>ژمارەی تەلەفۆن : 07504520354 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری : 3 + 3<br>پراکتیک : 0 |
| 6. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ لەماوەی هەفتەیەکدا :(سێ کاتژمێر) |
| 7. کۆدی کۆرس | BE 2202 |
| 8. پرۆفایلی مامۆستا | ژیانی ئەکادمیم لە 1994/10/13دەستپێدەکات , هەر لەوساڵەو سەرەتای دەوام لە هەردوو کۆلێژی (پزیشکی وشەریعە)ی زانکۆی دهۆک بۆماوەی دووساڵ لەسەریەک وانەی لێکۆڵینەوەی کوردستانیم وتووەتەوەو پاشان هەمان وانەم لەکۆلێجی ئەندازیاری وتەوە ، هاوکات بۆماوەی سێ ساڵ زمانی کوردیم لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی دهۆک وتووەتەوە ، لەساڵی خوێندنی2001/2000 وانەی کتێبخانەو ڕێبازی لێکۆڵینەوەم بە قوتابیانی بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی دهۆک وتووە ، هەروەها وانەی زانستە کوردستانیەکانم بۆبەشی (مێژوو ئینگلیزی) لەهەمان کۆلێج وتووەتەوە ، لەساڵی2002/2001 یش لەکۆلێجی مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین وانەیکوردۆلۆجی بۆبەشەکانی کۆمەڵایەتی وزمانی ئینگلیزی بۆماوەی دووساڵ واتە2002 تا 2004 وتووەتەوە ، لەساڵی2007 پاش تەواوکردنی خوێندنی دکتۆرا لەبەشی کوردی وانەی کێشناسی بۆقۆناغی |

| | |
|---|---|
| | دووەم ووانەی کتێبخانەو ڕێبازی لێکۆڵینەوە بۆ قۆناغی سێ وانەی کوردۆلۆجی بۆهەندێ لەبەشەکانی کۆلێج گوتووەتەوە ، لە ساڵی2010 یەوەو تائێستاش وانەی ڕێبازە ئەدەبیەکانی قۆناغی دووەم ، کتێبخانەو ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەقۆناغی یەکەم لەبەشی کوردی لەخوێندنی بەیانیان و ئێواران دەڵێمەوە ، هەروەها لەساڵی 2006 تا2013 لەپەیمانگای تەکنیکی هەولێر وەک وانەبێژ وانەکانی کوردۆلۆجی وبنچینەکانی لێکۆڵینەوەم لە بەشەکانی ڕێبەری وکارگێری وتووەتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا ساڵی2017 بۆ2019 بابەتی ڕێبازی لێکۆڵینەوە بۆقوتابیانی خوێندنی ماستەری زمان گوتووە هەر لە2019ەوەش بابەتی کلاسیک بۆخوێندنی باڵای ماستەرو ئەدەبی جیهانی بەقوتابیانی خوێندنی باڵای دکتۆرای ئەدەب دەڵێمەوە . |
| | **9. وشە سەرەکییەکان** |

**10 ناوەرۆکی گشتی کۆرس :**

پرۆگرامی بابەتی: (ڕێبازە ئەدەبیەکان) بۆساڵی خوێندنی(2021- 2022) بریتییە لە باسکردنی ئەو بابەتانەی دەبنە هۆی ناساندنی ڕێبازە ئەدەبییەکان ئەویش بریتین لە : پێناسەی ڕێبازو چەمکی ئەدەب ومێژووی سەرهەڵدانی ڕێبازەکانی ئەدەب بەگشتی ، لەگەڵ یەکەیەکەی ڕێبازەکان ، کە ئامانج تێیدا شارەزاییکردنی قوتابیانە بەچەمک وناسینی ڕێبازە ئەدەبییەکان ، هەروەها زانیاریی پێدانیان لەسەر گرنگترین ئەو ڕێبازو شێوازو جۆری ئەدەبیانەی کە ڕێبازەکانی لەسەر بنیات نراوە ، لەئەدەبی ئەوروپی و ئەدەبی کوردیدا بۆ نموونە : (کلاسیزم ، ڕۆمانسیزم ، ڕیالیزم ، ناتۆرالیزم ، پەرناسیزم ، سمبۆلیزم ، دادائیزم ، سوریالیزم ،) ، ئەمە جگە لە فراوانکردنی توانای هزری قوتابیان بەگرنگترین ئەو تەکنیکانەی کەلە دەرەوەی کتێب یان ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و نامە ئەکادیمی یەکان بەکاردێن و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا ؛ وەک سایتەکانی ئینتەرنێت .

**11. ئامانجەکانی کۆرس :**

شارەزایی پێدانی قوتابیانە لەسەر چۆنییەتی تێگەیشتنی ناوەڕۆک وڕوخساری ئەو ڕێبازانەی لەنێو ئەدەبی گەلاندا هەیەو لەلایەن نووسەران وڕۆشنبیرانەوە نووسراون ، هەروەها فێرکردنیان لەوەی کە ئەم ڕێبازانە بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی ئەدەبی میللەتان گۆڕاون ؛ لەگەڵ پراکتیزەکردنی

نموونەی بەرهەمەکانی نێو کتێب ورۆژنامەو گۆڤارو نامەئەکادیمییەکاندا هەیە .

**12. ئەرکەکانی قوتابی :**

قوتابی جگە لەوەی کە پێویستە لەپۆلدا ئامادە بێت لەهەمان کاتدا دەبێ ئەو سەرچاوانە بەردەست بکات کە مامۆستا دەست نیشانی دەکات و بەلای کەم لە پێنج کتێب کەمتر نەبێت ، هەروەها لە کاتی وانەووتنەوەشدا دەبێ ئەو سلایدانەی لەلایەن مامۆستاوە ئامادەکراوە لایان بێت و پێدا چوونەوەی لێ بکەن و ئامادەبن بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆو لێپرسینەوەی سەرزاریدا لەرێی ئەو میتینگ وسمینارو زومانەی کە لەگەڵ قوتابیان دەکرێت و ئەو فایل و فۆڵدەرانەی بۆ قوتابیان لەرێی گوگلدرایڤەوە بۆیان ئامادە دەکرێت وبۆیان دادەنرێت تیایدا ، لەگەڵ ئەوەشدا ماوە ماوە تاقیکردنەوەیەکی ئۆنلاین بۆماوەی چەند دەقیقەیەک تاقیدەکرێنەوە ، بۆئەوەی زانیاریەکانیان لا بێت وبەبەردەوام بەدواداچوون بۆ زانیارییەکانی رۆژانەیاندا بکەن ، هەر لەهەمان کاتدا داوا لە قوتابیان دەکرێت چالاکی وکاری راسپێردراویان پێدەدرێت ودەبێ ئەنجامی بدەن ئەویش بە ئامادە کردنی سیمینارو راپۆرت لەسەر هەندێ لەو بابەتانەی کەپەیوەندییان بەبابەتەکەوە هەیە وەک کورتکردنەوەی کتێب یان هەڵسەنگاندنی چیرۆکێک رۆمانێک یان سیمینار لەسەر بەشێک لە وانەکان وەک رێبازەکان یان قۆناغەکانی ئەدەبی لای میللەتان وەک کوردی یان ئەوروپی .

**13 . رێگەی وانەگوتنەوە :**

بۆگەیشتن بەئامانجەکان چەندین شێوازو رێگەی جیاجیا لەوانەوتنەوەدا پەیرەو دەکرێت ، وەکو : رێگای ئامادەکاری (المحاظرە)، رێگای گفتوگۆ (المناقشە)و رێگای پرسینەوە(الأستجواب) بێگومان بەکارهێنانی هەریەک لەم شێوازانە بەپێی سروشتی بابەتی وانەکەو بوونی سەرچاوەو هۆکاری بەردەست بوو دەگۆڕێت ،وەک شێوازی ئۆنلاین وبەبەرنامەی گوگلدرایڤ وگوگل فۆرم دەبێت .

**14 . سیستەمی هەڵسەنگاندن :**

فێرخوازان دەبێت چەندین تاقیکردنەوەی جۆراوجۆری کتێبی داخراو لەکۆتایی هەرمانگێکدا ئەنجام بدەن کە(١٥) نمرەی لەسەر دەبێت ، لەگەڵ نمرەی تاقیکردنەوەکانی ترکە ژمارەیان(٢) تاقیکردنەوە دەبێت کۆدەکرێنەوەو دەبێتە(٣٠) نمرە (١٠)نمرەی تریش لەسەر چالاکی وبەشداربوونی فێرخواز لە گفتوگۆو ئەنجامدانی سیمنارو تاقیکردنەوەی ناوبەناو لەگەڵ ئامادەبوون لە میتینگ وزومەکاندا دادەنرێت کە دەکاتە(٤٠) نمرە ، ئەمانەو تاقیکردنەوەی کۆتاییش لەسەر(٦٠) نمرە دەبێت .

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون :**

ئامانج ومەبەستی تایبەتی لەخوێندنی ئەو بابەتانە شارەزایی پێدانیانە لەسەر چۆنییەتی تێگەیشتنی ناوەڕۆک وڕوخساری ئەو ڕێبازانەی لەنێو ئەدەبی گەلاندا هەیەو لەلایەن زاناو داناو نووسەران و ڕۆشنبیرانیانەوە نووسراون هەروەها فێرکردنیان لەوەی ئەم ڕێبازانە بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی ئەدەبی میللەتان گۆڕاون هەروەها پراکتیزەکردنی ئەو زانیاریانە لەسەر نموونەی بەرهەمە ئەدەبیەکانی نێو کتێب وڕۆژنامەو گۆڤارو نامە ئەکادیمیەکان وسایتە ئەلکترۆنییەکان .

**16 . لیستی سەرچاوە بنەڕەتییەکان :**

1 – ڕێبازە ئەدەبییەکان ، د. فەرهاد پیرباڵ ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2015
2 – ڕێبازە ئەدەبییەکان ، د. هیمداد حوسێن ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی رۆژهەلات ، هەولێر، 2014
3 – ڕێبازە ئەدەبییەکان ، و : د. ئازاد عبدالواحید کەریم ، چاپی یەکەم ، چساپخانەی ئاراپخا ، کەرکوک ، 2008
4 – ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردیدا ، خورشید رشید احمد ، چاپخانەی (دارالحریە للگباعە) ، بەغدا ،1989
5 – قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی ، ئیدریس عەبدوڵلا ، چاپی یەکەم ، چاپخانە وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، 2006
6– قوتابخانە ئەدەبییەکان ، رەزا سەید حسەینی ، وەرگێرانی لە فارسییەوە : حەمە کەریم عارف , چاپی دووەم ، شوێنی چاپ : ناوەندی سارا ، سلێمانی ، 2018 .
7 – ڕێبازە ئەدەبیەکان ، د. سیروس شەمیسا، و: د. هیمداد حوسێن وسەنگەرنازم ، چاپ یەکەم ، هەولێر،2018
8 – ژانرە ئەدەبیەکان ، سەنگەر نازم حوسێن و ریژان ساڵح مەولود ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی : ئاوێر، هەولێر، 2018

1 – المذاهب الأدبیه من الكلاسكیه إلى العبثیه ، د. نبیل راغب ، القاهره ، 1977.
2 - الخلاصه فی مذاهب الأدب الغربي ، د.علی جواد الطاهر، الموسوعه الصغیرة ، عدد/121 ، 1983
3 - المذاهب الأدب الغربي ومظاهره فی الأدب العربي الحدیث ، د.سالم احمد الحمداني، موصل، 1989.
4 - الرومانتیكیه ، لیلیان فیرست ، ت: عدنان خالد ، بغداد ، 1978.
5 الرومانتیكیه ، نشأتها- فلسفتها- قظایاها- آثارها، د.محمد غنیمی هلال ، (دارالنهظه) ، القاهره ،1971 .
6 - الواقعیه ، دیمین كرافت ، ت: عبدالواحد لۆلۆه، بغداد ، 1980.
7 - الواقعیه فی الأدب الكردي ، د. عزالدین مصطفی رسول ، لبنان ، صیدا ، 1966.

**17. بابەتەکان :** لە خوارەوە بە لیستێکی سەربەخۆ هەفتە بە هەفتە بابەتەکان دەستنیشان کراوە :

**18. بابەتی پراکتیک** : ئەم بابەتە وانەی پراکتیکی پێویست نییە .

**19. تاقی کردنەوەکان :** ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لە پرسیاری تاقیکردنەوەکان :

پ١ : پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە : (ریالیزم ، ریالیزم لە ئەدەبیاتدا ، ریالیزم لە هونەردا) .

پ٢ : جۆرەکانی ریالیزم چیین ؟ بیانژمێرەو بە وردی باسیان بکە .

پ٣ : زاراوەی ریالیزم لە چییەوە هاتووە ؟ لەرووی زمان و شێوەوە چۆنە ؟ باسیان بکە .

پ٤ : مێژووی سەرهەڵدانی ریالیزم لە ئەدەبی ئەوروپیدا کەی سەریهەڵدا ، کێ بۆ یەکەمینجار بەکاری هێنا ،

پ٥ : قوناغەکانی ریالیزم لە ئەوروپادا بژمێرەو بە وردی باسیان بکە .

پ٦ : تایبەتمەندی وخاسیەتەکانی رێبازی ریالیزمی ئەوروپی چیین ؟ بە خاڵ دیارییان بکە .

پ٧ : جیاوازیی لە نێوان ریالیزمی ئەوروپی و کوردی چیین ؟ بەچەند خاڵێک دیارییان .

پ٨ : رابەرانی ریالیزم لە وڵاتی رووسیا ، ئەڵمانیا ، فەرەنسا ، بریتانیا .

پ٩ : ئەدگارەکانی ریالیزمی رەخنەگرانە لە ئەوروپاداچیبوون دیارییان بکە .

پ١٠ : ئەدگارەکانی ریالیزمی سۆشیالیزمی لە ئەوروپادا چیبوون دیارییان بکە .

پ١١ : چەمک و پێناسەی ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا چۆنە ؟ بە درێژی باسی بکە .

پ١٢ : مێژووی سەرهەڵدانی رێبازی ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا چۆنە ؟ بە وردی باسی بکە .

پ١٣ : روخسارو ناوەرۆکی ریالیزمی کوردی لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە چۆنە ؟ دیارییان بکە .

پ١٤ : هۆکارە ناوەخۆی و دەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا چیین ؟ بەخاڵ دیارییان بکەو بیانژمێرە

پ١٥ : رابەرانی ریالیزم لە ئەدەبی کوردی لەبواری شیعرو چیرۆکدا کێن ؟ دیارییان بکە .

پ١٦ : شیعری کوردی لە قۆناغی (١٩٤٥-١٩٧٠)دا چۆن بووە ؟ بە وردی باسی لێوە بکە .

پ١٧ : چەمک و پێناسەو زاراوەی پەرناسیزم لە ئەدەبی ئەوروپیدا چۆنە ؟ بەجیا باسیان بکە .

پ١٨ : مێژووی سەرهەڵدانی پەرناسیزم بۆ کەی دەگەرێتەوە ؟ لەگەڵ دیارکردنی گرنگترین رابەرەکانی .

پ١٩ : کرۆنۆلۆژیای رێبازی پەرناسیزم لە ئەدەبی ئەوروپیدا چۆنە ؟ بە وردی دیارییان بکە .

پ٢٠ : ئەدگارەکانی رێبازی پەرناسیزم لە ئەدەبی ئەوروپیدا یین ؟ بیانژمێرە .

پ٢١ : چەمک و زاراوەو پێناسەی ناتۆرالیزم لە ئەدەبی ئەوروپیدا چۆنە ؟ بە وردی دیارییان بکە .

پ٢٢ : چەمک و زاراوەو پێناسەی دادابیزم لە ئەدەبی ئەوروپیدا چۆنە ؟ بە وردی دیارییان بکە .

**20 : تێبینی زیاتر :**

**21: پێداچوونەوەی هۆڵ :**

ئەم کۆرسبووکە لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمییەوە سەیربکرێت وناوەڕۆکی بابەتەکانی پەسەند بکات

| ژ | هەفتە | ناوەڕۆکی بابەت و وانەکانی کۆرسی دووەمی بابەتی ڕێبازە ئەدەبییەکان |
|---|---|---|
| 1- | یەکەم | چەمک و پێناسەو زاراوەی ریالیزم لە بواری ئەدەبی و هونەریدا . |
| 2- | دووەم | جۆرەکان و مێژووی سەرهەڵدان و قۆناغەکانی ریالیزم لە ئەدەبی ئەوروپیدا . |
| 3- | سێیەم | هۆکارەکان و تایبەتییەکان و خاسییەتەکان و رابەرانی ریالیزم لە ئەوروپادا . |
| 4- | چوارەم | چەمک وپێناسەو زاراوەو مێژووی سەرهەڵدانی ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا . |
| 5- | پێنجەم | هۆکارە دەرەکی و ناوەخۆییەکانی سەرهەڵدانی ریالیزم . |
| 6- | شەشەم | روخسارو ناوەرۆکی ریالیزم لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی وسیاسی لە چیرۆک و شیعری کوردیدا . |
| 7- | حەوتەم | هەڵسەنگاندن وتاقیکردنەوەی مانگی یەکەمی کۆرسی دووەمی قوتابیان . |
| 8- | هەشتەم | شیعری نوێی کوردی لە قۆناغی ساڵەکانی نێوان (١٩٤٥-١٩٧٠) دا . |
| 9- | نۆیەم | چەمک وپێناسەو زاراوەو مێژووی سەرهەڵدانی پەرناسیزم لە ئەدەبی ئەوروپیدا |
| 10 | دەیەم | کرۆنۆلۆژیای ڕێبازی پەرناسیزم و گرنگترین رابەرانی لە ئەدەبی ئەوروپیدا . |
| 11 | یازدە | ئەدگارەکانی ڕێبازی پەرناسیزم و لە ئەدەبی ئەوروپیدا . |
| 12 | دوازدە | چەمک وپێناسەو زاراوەو جۆرو مێژووی سەرهەڵدانی ناتۆرالیزم لە ئەوروپادا . |
| 13 | سێزدە | چەمک وپێناسەو زاراوەو جۆرو مێژووی سەرهەڵدانی داداییزم لە ئەوروپادا . |
| 14 | چواردە | هەڵسەنگاندن وتاقیکردنەوەی مانگی دووەمی کۆرسی دووەمی قوتابیان . |
| 15 | پازدە | هەڵسەنگاندن وتاقیکردنەوەی مانگی یەکەمی کۆرسی دووەمی قوتابیان . |

**د . بەکر شاکر عەبدوڵڵا**

**مامۆستای بابەت**